The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
chak.org@gmail.com

# ڕوونکردنەوەو بڕیارنامەی ناوەندی چاک

سەبارەت بە کەمینەی جیابووەو هاوڕێیانی گروپی (چاک.بێ) و کۆنگرەی نائاسایی!

**بۆ هەموو پارت و لایەن و ڕێکخراوە مەدەنی و ناحکومی و حکومیەکان.**

**هەموو کەناڵەکانی میدیای بینین و بیستن،گۆڤارو ڕۆژنامەکان،ماڵپەڕەکان.**

**قوربانیانی ئەنفال و جینۆسایدی خەڵکی کوردستان،سەرجەم خەڵکی کورستان.**

بەداخێکی زۆرەوەو دوای هەوڵی بەردەوامی سەرجەم هاوڕێیانی چاک و دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ئەڵمانی ساڵی 2006 وگروپی کەمینەی هاوڕێیانی (چاک.بێ) لەچاک جیابوونەوە،تەحەمول کردنی بارێکی زۆر ئاڵۆزو کاری ناڕێکخراوەیی گروپێکی چەند نەفەری لەناوەندی چاکداو سەرقاڵکردنی ڕێکخراوی چاک بە کێشەی لابەلاوە کە خۆیان(لە بەرخراپ بە کارهێنانی ناوی چاک و هەیبەتی چاک و زۆر جار ڕاگەیاندنی نادروست و هەندێک جار چەواشەکارانە ودواکەوتوو کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ شێوەکاری ناوەندی چاک و بڕیارو پەیڕەوو قسەی بەرپرسانەی دەستەی بەڕێوەبەردا یەکیان نەدەگرتەوە، ئاژاوەنانەوە و بڕیاری بێسەروبەر،ڕێکخراوی چاک کردن بەهەموو شتێک و لەهەموو ئاوازێک خوێندن و دوورخستنەوەی لەئامانجەکانی و بارگاوی کردنی بە مەیل و بۆچوونی سیاسی ئەم چەندکەسە و،هەوڵدان بۆ دەستبەسەرداگرتنی پۆستەکان و ئۆرگانەکان،کێشە سازکردن بۆ هەڵسوڕاوان و نووسین و هەوڵدان بۆ لەکەدارکردنی خۆشەویست ترین هەڵسوڕاوەکانی چاک بەناوی نهێنی و نەزانراوەوە لەڕێگەی بەکار هێنانی هەندێک سایتەوە کە بۆ ئەم مەبەستەو بۆ ئەم کارە قۆڵیان لێهەڵماڵیوە،... هتد) دەستەی بەڕێوەبەر و کۆمیتەی زۆربەی وڵاتەکان لەم بارەیەوە کاری زۆریان کرد کە کەڵک بە خراپی لەخۆشناوی و کارو خۆشەویستی چاک وەرنەگرن بۆ خۆقەبەکردن و بردنە پێشەوەی مەرامە سیاسیەکانیان، و دوورکەوتنەوە لەکاری تاکڕەوی و ئەنارشیستی کەبەکەڵکی

ڕێکخراوی چاک نایەن و دانی چەندین بڕیارو گرتنی چەندین ڕێوشوێنی ئسوڵی و ڕێکخراوەیی،بەداخەوە وەڵامی هاوڕێیانی کەمینە هەمیشە لەقسەدا ملدان بە بڕیارەکان ولەکاردا فەوزادروست کردن بوو. لەکۆتایدا دەستەی بەڕێوەبەر بۆ بەرگرتن بەم کارانە چەندبڕیاری گرنگیدا کە خۆی لەبەڕێکخراوکردن و مۆدێرن کردن و چاکسازیدادەبینیەوە و،ئۆرگانەکانی لە ماڵ و دیوەخانی چەندکەسەوە دەکرد بەکۆمیتەوکاری بەکۆمەڵ و عەقڵی کۆ ، دەیویست چاک بکاتە ئەو ڕێکخراوە ناودەوڵەتیەی کە بتوانێت باری گرانی خەڵکی جینۆسایدکراوو ئەنفالکراوی کوردستان هەڵبگرێت و بتوانێت دوو هەنگاوی تری گرنگی وەک دادگای تاوانباری هۆڵەندی فرانس ڤان ئانرات و نزارخەزرەجی بهاوێت.هاوڕێیانی گروپی (چاک،بێ) وێرای قەبووڵکردنی ئەم پرۆژانە بە لەفزی بەڵام بەکردەوە هەمووڕێگایەکی نالەباریان گرتەبەرو هەرڕۆژە وبەشێوەیەک نەک تەنها ناوەندی چاک بەڵکومیدیاکانیشیان بەم ساتو سەوداو کارانەوە سەرقاڵکردبوو،لەهەموو شوێنێکدا خەریکی خراپکردن و بەدناوکردنی چاک و هەڵسوڕاوەکانی بوون و لەهەندێک کۆمیتەشدا کەسانی ناشایستە هێنرانە کۆمیتەکانەوە و لە کۆمیتەی 2 وڵاتیشدا کەڵکیان لە نفوزی کەسی دوور لەچاک و حیزبێکی سیاسی وەرگرت،دیارە دستەی بەڕێوەبەر هیچ کات نەچووە ژێرباری ئەم کۆمیتانەوەو بەناقانوونی ناساندن،لەولای تریشەوە چەندین مخالەفەو لەسوورتێپەڕینی مادی و قانونیان کردو داهاتێک کە کەوتبوە بەردەستیان لە ئابوونەو کۆمەک خستیانە خزمەتی خۆبەهێزکردن و هەرانانەوە،هەموو ئەم کارانە لەبەر ئەوەبوو کە ئەو هاوڕێیانە نەیاندەتوانی کەمایەتی خۆیان قەبووڵبکەن و گوێ بەبڕیاری دەستەی بەڕێوەبەر کاری ڕێکخراوەیی بدەن و وازلەوهەوای خۆبەهەمووشت زانین و خەونەسیاسیەکانیان بێنن!

سەرئەنجام لەبەرانبەر هەمووئەم ئارامیەی ئێمەداو هەموو هەوڵێکمان بۆ قایلکردنیان بەمانەوە لەچاکداو گفتوگۆو دۆزینەوەی ڕێگاچارەدا،ئەمان دەستیان کرد بەهەوڵدان بەناشیرین کردنی چاکو پڕکردنی هەندێک لەماڵپەڕەکان بە بردنەدەرەوی زانیاری و دۆکومێنت و نامەوە پەیوەندیەکانی چاک و خۆناساندن لەهەندێک لەمیدیاکاندا وەک قسەکەرو سەرۆک و سەرپەرشتیاری چاک و هتد،دواتر کردنەوەی ماڵپەڕێک بەناوی (چاک.بێ) بەهەمان لۆگۆو دیزاینی ماڵپەڕەکانی ناوەندی چاکەوە،دانی ڕۆژانەی ئاگاداری و قسەی ئاگرین لەسەر

هەرشتێک کەئەو ڕۆژە ڕوبدات بەناوی چاکەوە و بەلۆگۆی چاکەوە لەدواین پێشهاتیشدا ڕاگەیاندنی کۆنگرەی نائاسایی بەناوی کۆنگرەی چاکەوە.

بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کەچاک ڕێکخراوێکە بە پێی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی کاردەکات و بۆ هەموو کارەڕێکخراوەیەکانی پشتیان پێدەبەستێت و لەدواپاکنووسیداو لە کۆنگرەی ئەڵمانی ساڵی 2006دا بڕیاری لەسەردراوە و دەستەی بەڕێوەبەر خاوەنی دانی بڕیاری لەو جۆرەیە و لە بڕگەی 4 دا ئامابڕیاری داوە :

1- گۆڕینی بەشێ یان گشت یاسای بنەڕەتی ناوەند، دەبێت لە کۆنگرەی ناوەند بێت، و بە ڕێژەی زۆرینەی ¾ ی ئەندامانی ئامادەبوو بێت.

2- ناوەند بە بەدیهاتنی ئامانجەکانی، یان بە دەنگدانی ¾ ی ئەندامانی ئامادە بوو لە کۆنگرەدا هەڵدەوەشێتەوە.

3- گۆڕینی ناو یان چونە ناو ڕێکخراوێکی دی دەبێت بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبووی کۆنگرە بێت.

4- بۆ هەر یەك لەو مەبەستانەی سەرەوە دەستەی بەڕێوەبەر بە زۆرینەی دەنگ، توانای پێشنیارکردنی کۆنگرەی هەیە.*

وەهەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە هاوڕێیانی دەستەی بەڕێوەبەر کەلەناوچاکدا ماونەتەوە 6 کەسن و زۆرینەن وکەناوەکانیان لە ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی ساڵی 2006 ی ئەڵمانداهەیە،بەم شێوەیە:

(دلێر موحەمەد عەلی، ئەمیر قادر،،جیهاد موحەمەد، سەلاّح گەرمیان، هادی بابەشێخ، حاجی ئەنوەر ) **

وە هاوڕێیانی جیابۆوە کە گروپی (چاک.بێ) پێک دێنن کەناوەکانیان لە ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی ساڵی 2006 ی ئەڵمانداهاتووە کەکەمینەن و 3 کەسن:

(ڕوناک ئەحمەد ،قادر نادر، ڕوناک شوانی ) **

بەلەبەرچاورگرتنی ئەوەش چاک وەک نەریتی ڕێکخراوەیی بەپشت بەستن بەکۆمیتەی وڵاتەکان و هەڵبژاردن لەوکۆمیتانەدا کۆنگرەو نوێنەرەکانی دیاری

دەکات و دەیان نێریتە کۆنگرە وە نەک کەسانی دانسقەو دەستەبژێر کراو لەلایەن گروپێکەوە کەخۆشیان ئەندام بوونیان یان ساغنەکراوەتەوە یان لەیەک ساڵ تێپەڕی نەکردووە.

بەپشت بەستن بەو بەڵگە ڕێکخراوەیانەو پێوانە ناوخۆیانەی چاک،چاک وەک ڕێکخراو کۆنگرەو کۆنگرەی نائاسایی نیەولەم بارەیەوە هیچ بڕیارێکی نەداوە،هاوڕێیانێک کەجیابوونەتەوە و وازیان لەڕێکخراوی چاک هێناوەو کەمینەن ناکرێت بەپێی هیچ پێوانەیەکی ڕێکخراوەیی ناوو سامانی چاک و شەخسیەتی مەعنەوی بۆ خۆیان ببەن،ئەوەش ڕوون دەکەینەوە کە هەم ناوی چاک و هەم لۆگۆی چاک و هەم بەرنامەوە پەیڕەوی چاک بەدروستکەرو بنیات نەرەوە لەڕێکخراوی چاکدا ماونەتەوە .

بەو هۆیانەی سەرەوە و بەپێی بریاری زۆیینەی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرو پشت بەستوو بە ڕای زۆرینەی کۆمیتەی ولآتەکان و هەڵسوڕاوە قانونی و بەرجەستەکانی،داواداکەین و پێلەسەرئەوە دادەگرین کە کۆنگرەیەک کە گروپێک سازیان داوە <u>کۆنگرەی چاک نیە</u> و داواش دەکەین کەسەرجەم کەرەستە مادی و مەعنەویەکانی چاک موڵکی ڕێکخراوی چاکن و قەبووڵ ناکەین کە هیچ کەس بۆ هەرمەرامێک بەکاریان بێنێت بەدەست لێنەدراوی بگەڕێننەوە بۆ خاوەنە کەی کە ڕێکخراوی چاکە .

هاوڕێیانی جیابووەوە لەچاک بەپێی هەموو پرەنسیپێک و بەپێی موازینەکانی چاکیش کەلەسەرەوە ڕامانگەیاندووە،پۆستەکانی خۆیان وازلێهێناوەو خەریکی کاری ڕێکخراوێکی ترن بەکەڵک وەرگرتن لەناوو کەرەستەکانی چاک،ئێمە خوازیارین ناوێکی ترو لۆگۆیەکی ترو کۆنگرەیەکی تایبەت بەخۆتان کەهەرخۆشتان پەیڕەوو پرۆگرامی بۆبنووسن و مەرامەکانی خۆتانی تێدابێت کەخۆتان دروستکەریبن بگرن ناوی ڕێکخراوەکەی خۆتانی بخەنە سەر، ئەم کارەی ئێوەو ڕێگایەکی نەشیاو کەخۆتان هەڵتانبژارد و هەوڵدان بۆ دستبەسەرداگرتن یان ناوزڕاندنی ڕێکخراوێک کە بەکارەکانی و هەڵسوکەوتەکانی دەناسرێتەوە دەچێتە خانەی کاری دوور لەهەموو پرەنسیپێکی مۆدێرن و شارستانیەوە و بەرلەهەموو کەس خۆتانی پێ ناشیرین دەبێت،ناوەندی چاک ئەوەتان بۆ ناخوازێت و هیواداربوو کەلانی کەم ببنە ڕێکخراوێکی مۆدێرن و دیار کەئێمەش وێڕای هەموو

ناحەقیەک بەرانبەر بەناوی چاک و هەڵسوڕاوەکانی کردتان بمانتوانیبایە هاوکارو هاودسێ بووینایە.

لێرەوە خوازیارین هەموو لایەنەکان و میدیاکان ئەم ڕاستیە بزانن و ئێمە ئامادەشین هەموو زانیاریەک بخەینە دەست ناوەندو لایەنە دڵسۆزەکان کە ڕاستیەکان بەچاوی خۆیان ببینن چاک بەڵگەو کارە ناوخۆیەکانی ناخاتەسەر لاپەڕەی ماڵپەڕەکان وکارامەیی ئەوەی هەیە کە زانیاری و دۆکومێنت چۆن کار پێدەکات و دەیداتەکێ و بەپێی چی پرەنسیپێک و ئامانج لێی چیە ،لەلایەکی تریشەو کۆنگرەی ئەم گروپە چۆنە ئاوابینن و باسیبکەن و هەڵس وکەوتی لەگەڵدابکەن و بەپێچەوانەشەو کارکردن و ڕەنگپێدانەوەیان بەرەو هەڵدێری تاکی کوردو عەقڵی ڕێکخراوەیی ومۆدێرنی ئینسانی کوردە و،لەپێش هەمووانیشەوە هاوڕێیانی جیابووەوە لەسەر ڕێکخراوێک لەسەر بەفر دروستدەکەن کەدیارنیە لەکاتی خۆر هەڵهاتنندا چەند خۆی دەگرێت و دەمێنێتەوە .

بۆزانیاری و پرسیار و ڕونکردنەوە

ژمارەتەلەفۆنەکانی

0031655874755

0041526201458

004766989185

ناوەندی هەلەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ( چاک)

www.chak.info

chak.org@gmail.com

2007-11-26

i

---

* پرۆگرامو پەیڕەی ناوخۆی چاک پەسەندکراوی کۆنگرەی ئەڵمانی 2006

** بڕیارنامەی کۆتایی کۆنگرەی ئەڵمانی 2006

i